# دوو هەرێم و سەرۆکێك

**نزار سابیر**

کێشەکەی ئەم هەرێمە لەوەوە دەستی پێکرد، کە دوو حزبە ناسیۆنالیستە گەورەکەی کوردستانی عێراق (پارتیی و یەکێتیی)، دوای دەستەڵاتگرتنەدەست، لەوە شکۆدارتر و نەبەزتر بوون ئەنجامەکانی یارییە دیموکراتییەکەی ساڵی 1992 یان پێ قبووڵ بکرێت. بۆیە 1994 کەوتنە شەڕ لەگەڵ یەکدیی؛ شەڕێکی (شەلەمکوێرمناپارێزم)انە و چارەنووسنادیار.

دوو هێزی شەڕکەر لەسەر دەستەڵات ئەگەر نەتوانن، لەبەر هەر هۆیەك بێت، یەکدیی ببەزێنن، ئەوا دوو ڕێگەیان لەبەردەمدا دەمێنێتەوە:

- یان دابەشکردنیووڵات
- یان دابەشکردنی دەستەڵات

ئەوەی یەکەمیان ئاسانە و ئەوەی دووەمیان گرانە. ئەوەی یەکەمیان سۆز و غەریزە هەڵیدەسووڕێنن و ئاوخواردنەوەی دڵی تێدایە. خۆشە؛ وەك خوراندنی برین وایە. ئەوەی دووەمیان بیر و ئەقڵ هەڵیدەسووڕێنن و سەرئێشەی زۆری تێدایە. زۆرلەخۆکردنە و دانوستان و سەوداکاریی هەتاهەتایە. بەڵام حەسانەوەی ویژدانی تێدایە.

یەکەمیان بێشەرعییەتە و دووەمیان بەشەرعیەت. یەکەمیان بە کەسێك، بنەماڵەیەك، تاقمێك یان حزبێك دەچێت بەڕێوە؛ دووەمیان بە دامودەزگا، هەر بۆیە دەرفەتی گەندەڵبوونی بەڕێوەبەرایەتیی لە یەکەمیاندا زۆرە و لە دووەمیاندا کەم.

یەکەمیان نەزان و کاسەلێس و چەپڵەلێدەر دەهێنێتە سەر تەلەفیزۆن، دووەمیان شارەزا و ڕەخنەگر و ناڕەزاییدەربڕ. میدیاکانی ئاگادارکردن لە یەکەمیاندا بێپێز و درۆزنن و لە دووەمیاندا زیت و ڕاستگۆن. ژیانی سیاسیی لە یەکەمیاندا وەستاو و مردووە و لە دووەمیاندا بزێو و زیندووە.

سەنگی سیاسیی قەوارەی یەکەمیان لاوازە و هی دووەمیان بەهێزە. لەم دنیایەی ئەمڕۆماندا، کە دنیای دەوڵەتی قانوون و دیموکراتیی و مافەکانی مرۆڤە، یەکەمیان بێڕێز و دووەمیان بەڕێزە. ئیدیی ئەمەیە: یەکەمیان ئۆتۆکراتییە و دووەمیان دیموکراتیی.

پارتیی و یەکێتیی، هەروەکو بە گشتیی لە هەر هێزێکی "شۆڕشگێڕ" ی جیهانی سێ و لە هەر لایەنێکی بێئەزموون لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دەوەشێتەوە، یەکەمیان هەڵبژارد. هەڵبژاردنی دابەشکردنی خاك و خەڵکی کوردستانیش بە کوێمانی گەیاند و چیی لێ کەوتەوە، ئەوەتا هێشتا ئەنجامە کارەساتاوییەکانی دەبینین. ئەوەی هێشتا نایبینین، ئاسۆکانی چارەسەرکردنی ئەم بارە ناڕەوا و نائاساییەیە.

هەڵبژاردنی سەرۆکێك بۆ هەرێمی کوردستان خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکە بە ئاراستەی ڕاستدا. بۆیە هەرچۆنێك بێت پیرۆزبایی هەڵدەگرێت. بەڵام هێشتا دەیان پرسیاری بێجواب دڵەڕاوکێ لەبارەی ئایندەی سیاسیی و ئارامیی ناوخۆی "هەرێم" ەکەوە دەهوروژێنن.

هەرچەندە پەیوەندییەکانی ئەم دوو هێزە گەلێك هەوراز و لێژی کردووە، بەڵام جێی سەرنجە کە لە 1997 (دوا ئاگربەستی نێوانیان)ەوە پەیوەندییەکانیان لە هەڵکشاندایە: لە دوژمنایەتییەوە بۆ ناحەزایەتیی، بۆ هاوکاریی، بۆ هاوپەیمانێتیی، و دواجار بۆ شەریکایەتیی. بەڵام ئەوەی مایەی لێووردبوونەوە و خەمخواردنە، ئەم شەریکایەتییەیە. شەریکایەتیی لە چییدا؟ پێدەچێت ئەو لێکگەیشتنەی کە زەمینەی بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکان خۆش کردبێت، ئەمە بێت: کاکە سەرئێشەی ناوێت! "هەرێم"ی خۆتان بۆ خۆتان و "هەرێم"ی خۆمان بۆ خۆمان.
بەڵام تا کەی؟
لەوەتەی مارینز گەیشتۆتە سەر خاکی ئێراق و سەدامی ڕووخاندووە گەلێك گۆڕانی بنەڕەتیی و مێژوویی بەسەر ناوچەکە و ئێراق و بە ویشەوە کوردستاندا هاتوون. پڕۆژەی گۆڕانێکیش، کە دەوڵەتێکی زلهێزی بە نیزام شەڕکردووی، بە قانوون ڕێکردووی، بە دامودەزگا کارکردووی، بە دیموکراتیی حوکم کردووی وەك ئەمەریکا هێنابێتییە کایەوە، ناتوانێت هەتا سەر دوو "هەرێم"ی ئەمارەتئاسای کەمهێزی، بە میلیشیا شەڕکردووی، بە قانوون ڕێنەکردووی، بە دامودەزگا کارنەکردووی، بە دیموکراتیی حوکم نەکردووی وەك دوو قەڵەمڕەوەکەی پارتیی و یەکێتیی لە هەناویدا هەڵبگرێت.

پارتیی و یەکێتیی لەوە ئاقڵترن لەو ڕاستییە تێنەگەن. بەڵام لەوە دواکەوتووترن، ئەو گۆڕانە دیموکراتییانەیان پێ قووت بچێت. بۆیە، لە کاتێکدا پێشوازیی لە گۆڕان و ریفۆرمەکان دەکەن، بە شێوەیەکی زۆر وەستایانە و لێهاتووانە پێچ دەدەن بە

دەوریاندا و بێناوەڕۆكیان دەكەن. هەڵبژاردنەكانی مانگی یەكی ئەمساڵ (یانواری 2005)ی ئێراق، كە هەلێك و تەحەدایەكی گەورەبوو بۆ بەمەدەنییکردن و بەدیموكراتییکردنی دەستەڵات لە كوردستاندا و بەوەش پتەوكردنی پایە سیاسییەكەی، كاریگەرییەكەی بەوە بەتاڵ كرایەوە، كە هەر دوو هێزەكە بە یەك لیست دابەزین. بەوەش دیسانەوە پەرلەمانێكی مردوو و "دایمە بەڵێ- گۆ" ی دیكەیان هەڵبەستەوە، كە لایەنی حوكمەت و ئۆپۆزیسیۆنی تێدا نییە، بەڵكو هێزە گەورەكان لە هەمان كاتدا حوكمەت و ئۆپۆزیسیۆنیشن.
بۆئەوەی چەندە دەكرێت گۆڕانەكان نەگەنە دەستەڵات و داهاتیان، پارتیی ویەكێتیی بۆ پاراستنی ئەو بارەی كە لە كوردستاندا هەیە (statue quo) لە ململانێدان لەگەڵ كاتدا. لێرەوە هیچ سەیر نییە، كە هەنگاوەكانیان لە هەمووان خاوتر بن و پاشڕەویی، نەك پێشڕەویی،ی گۆڕانەكان بكەن لە ئێراقدا. لە كاتێكدا ناچارانە خەریكی دروستكردنی جامخانەی قانوونیی و مەدەنیین بەرەو ڕووی دەرەوەی كوردستان، لە ناوەوە هیچ گۆڕانێكی گەوهەریی بەدیی ناكرێت. سەرۆكایەتیی هەرێمیش، ئەگەر ریفۆرمی جدیی لە پاڵدا نەكرێت، هەر یەكێكە لەو جامخانانە.

ئەمڕۆ هەردوو لا بەرژەوەندیی كوردستان لە چوارچێوەی ئێراقدا دەبیننەوە. بۆیەش كارایانە بەشداریی لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی ئێراقی نوێدا دەكەن. بەڵام نوێ بە كەرەستەی كۆن دروست ناكرێت؛ دەوڵەتی قانوون بە ئامرازەكانی شۆڕش دانامەزرێت. پارتیی و یەكێتیی خۆیان خستۆتە سەنگەری بەرەی ئەمەریكاوە. ئەمەریكاش هەموو توانای خۆی خستووە و دەخاتە گەڕ، كە لە پڕۆژەكەی ئێراقیدا شكست نەخوات. ئەوەش لە بەشێكیدا دامەزراندنەوەی دیموكراتییانەی دەوڵەتەكە دەگرێتەوە. لەو پرۆسە سیاسییەشدا پارتیی و یەكێتیی بەو دەزگا و ئۆرگانە ساختانەیانەوە، ئەمرۆ بێت یان سبەی، دەگەنە كۆڵانی دەرنەچوو.

خاڵێكی زۆر سەرەكیی و گرنگ هەیە، كە بێ ئەو ناتوانرێت باس لە "دەوڵەت" بكرێت بە مانا مۆدێرنەكەی. ئەویش سەروەرێتیی قانوونە. ئەوەش لە ئەنجامدا ئەوە دەگرێتەوە، كە دەستەڵات تەنیا لەرێی دامودەزگاوە شەرعییەت وەردەگرێت و پیادە دەكرێت. هەر بۆیە لایەنگریی و وەلائی دانەكەسەكانی كۆمەڵ (بە پۆلیس و سەرباز و كارمەند و قازییەوە) بۆ ئەو دامودەزگایانەیە، نەك بۆ ئەو مرۆڤانەی دروستیان دەكەن. واتە وەلائو لاگریی بۆ لایەنێكی بیرزادەی موجەڕەدە نەك بۆ لایەنێكی بەرجەستە (كەس، بنەماڵە، خێڵ، دەستە).

شانازیی و ڕەوایی‌ی پێشمەرگە تەنیا لەو كاتەدا بوون كە خەباتی دەكرد دژ بە داگیركەرێك بۆ ڕزگاركردنی خاكی كوردستان. هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە بری‌ی دامەزراندنی لەشكری نیزامیی دوای دەستگرتنیش بەسەر دەستەڵاتدا لە كوردستان ناڕەوایی بوو، لە پێشدا، بەرانبەر ناو و مێژووی پێشمەرگایەتیی و ئەوجا بەرانبەر خەڵكی كوردستان و پرۆسەی بەمدەنییبوونی كۆمەڵگەكەی.

ئێستاش كە كاك مەسعوود بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان دیاریی كراوە، نازانرێت، ئەو میكانیزمانە چیین، كە "سەرۆكایەتیی"یەكی ڕاستەقینە دەستەبەر و مسۆگەر دەكەن. چۆن كاك مەسعوود دەتوانێت سەرۆكایەتیی "هەرێمی كوردستان" بكات، لە كاتێكدا لەو هەرێمەدا دوو هێزی چەكداری گەورە هەن، كە فەرمان لە قەڵاچوالان و سەلاحەدینەوە وەردەگرن نەك لەو دامودەزگایانەوە كە حوكمەتەكەی كاك مەسعوود پێك دەهێنن.

دەوڵەتی هاوچەرخ جێگەی میلیشیای تێدا نابێتەوە. با واز لە دروشمبازیی و چەواشەكاریی بهێنین، كە تەنیا هەر خۆمانی پێ هەڵدەخەڵەتێین: هێزێكی چەكدار، هەر هێزێكی چەكدار، سەر بە دامودەزگاكانی دەوڵەت نەبێت و سەربە هەر لایەنێكی سیاسیی بێت، میلیشیایە. كۆمەلگەی مەدەنیش بە میلیشیا دروست ناكرێت. تاكە ڕێگەیەك بۆ بەقانوونییكردنی میلیشیا هەڵوەشاندنەوەیەتی و پێكەوەنانی لەشكری نیزامییە، كە لایەنگر و پابەندی بڕیارەكانی دامودەزگاكانی دەوڵەتە نەك حزب، كە پارێزگاریی لە وڵات دەكات نەك لە حزب.

ئەوە هەروا بە سانایی دوو "ئیدارە" نییە، كە دەبێت یەكبخرێتەوە. ئەوە دوو هەرێمی دەستەڵاتە بە چەكدار و جبەخانە و گەنجینەی پارە و دامودەزگای ئیداریی و عەسكەرییەوە. یەكخستنەوەی ئەم دوو دەوڵەتۆكەیە بە "تەوافق" و بەشبەشێنی وەزاریی و دارایی و بە پەرلەمانی پاشكۆی حزبان نایەتە دیی. یەكخستنەوە ئیرادەیەكی سیاسیی‌ی بەهێز دەخوازێت كە بە ئەقڵییەتێكی دیكە دەهێنرێتە گۆڕ. دیارە ئەمە كارێكی ئاسان نییە. تێكەڵكردنەوەی كارتەكان لە هەولێر و سلێمانیی گەلێك سەرئێشە و تەحەدای گەورە بەخۆوە دەگرێت، كە ئەمانە هەندێكیانن:
هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە و بەویشەوە ئەو كۆنفیدراسیۆن و هاوپەیمانێتییە عەشایرییانەی كە پارتیی و یەكێتیی تەرازووەكانی دەستەڵاتی خۆیانیان پێ ڕاگرتوون. چەككردنی ئاغاكانی شەڕ بە خۆیان و پەیوەندییە ناوچەیی و تیرەییەكانیانەوە. ئاوكردنەژێری دەستە و تاقمە مافیائاساكانی هەیكەلی بەڕێوەبردنی حوكمەت، كە لەسەر بناغەی لایەنگری‌ی حزبیی و خزمایەتیی و ناسیاویی دامەزراوە. هەڵبەستنەوەی دەزگاكانی ئاسایش و پۆلیس لەسەر بناغەی وەلائ بۆ دامودەزگاكانی حوكمەتی هەرێمی كوردستان نەك حزبەكان، بێ ئەوەی ئەوە كار بكاتە سەر كارایی ئەو

دەزگایانە لە پاراستنی ئاسایش و گیان و ماڵی هاووڵاتییاندا. ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیاری "ئەمەت لە کوێ بوو؟" و هەموو ئەو ئەنجامانەی لێی دەکەوێتەوە.

دیارە ئەمانە کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ نین و جێبەجێکردنیشیان وورپایی و لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێت، بەڵام هەمان ئەو لێبراویی و سووربوونەشی دەوێت کە ئەم واقعەی ئێستایان پێ هێناوەتە کایەوە. "حیکمەت و ژیریی" ی سەرکردایەتییش لە جێبەجێکردنی ئەرك و کاری قورس و گرانی لەم جۆرەدان نەك لە مننەتی شەڕی براکوژیی نەکردن و تەوقە لەگەڵ یەکدییدا کردن.

ئەوەی زۆر بۆ پارتی و یەکێتیی دەهێنێت بجووڵێن بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی مەدەنییانەی دەستەڵات لە کوردستاندا دوو شتن: نەتەوایەتیی و ئەمەریکا.

نەتەوایەتیی، کە لایەنە خۆییەکەیە و سەرچاوەی شەرعییەتی هەر دوو لایانە، پاڵنەرێکی گەورەیە. بەڵام هێشتا بچووکترە لە ئیرادەی خۆپەرستانە و پاوانخوازانەی هەر دوو لایان، هەر وەکو بە تەجروبەی ئەم چەند دەساڵەی ڕابردووی کوردستاندا دووبارە و چەندبارە دەرکەوت. بارودۆخە سیاسییەکەش ئەوەندە لواوە، لە گوشاری لە خوارەوە هاتووی خەڵك نەترسن.

ئەوەی ئەمڕۆ بە جدیی زۆری بۆ پارتیی و یەکێتیی هێناوە، ڕووداوەکانی ئێراقە لە دوای ڕووخاندنی سەدامەوە. بۆیە، بەدەر لەوەی ئایا ئاسۆی چارەنووسی کوردستان لە ئێراقدا ڕوونە یان تاریك، ئەمڕۆ ئەوەندەی ئێراق بووە بە "عاملی خێر" بۆ کوردستان، ئەوەندە پێچەوانەکەی ڕاست نییە. ئەمەش یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی گۆڕانە دیموکراتییەکان لە کوردستاندا. چونکە تەنیا هەلومەرجی مەوزووعیی بەش ناکات ئەگەر ئیرادەی خۆیەکیی لەتەکدا نەبێت.

ئەمڕۆ لەبارترین هەلومەرج لە ئارادایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستانی ئێراق چ لەسەر ئاستی ناوەوە و چ لەسەر ئاستی دەرەوە. هۆشپێشکان و دەرککردنیش بە چارەنووسسازیی ئەم قۆناغە مێژووییە لە ناو سەرکردایەتیی هەردوو لادا بەدیی دەکرێت. ئەو ساماڵی ئاشتییەش کە لە نێوان هەردوو لادا دەبینرێت مایەی دڵخۆشییە. قبووڵکردنی دەنگ و ڕەنگ و چالاکیی سیاسیی یەکدییش لەلایەن هەردوو لاوە لە سلێمانیی و لە هەولێر بە کەم ناگیرێت. بەڵام ئێمە پێشتر ساماڵی لەم جۆرەمان بینیوە، کە دوای بروسکەیەکی بچووك هەورەگرمە و شەستەی بەسەردا هاتووە. پێویستمان بە گۆڕانی چۆنایەتییانە هەیە نەك چەندایەتییانە؛ گۆڕان لە بیرکردنەوەدا نەك لە کەش و هەوای مەزاجدا؛ گۆڕان لە کولتووری سیاسییدا. ئەوەی دەمانەوێت، وەرسووڕانە لە شەرعییەتی شۆڕشەوە بۆ شەرعییەتی قانوون.

ئەمڕۆ لە کوردستاندا نەوەیەکی بەرفراوان گەورە بووە و چاوی کردۆتەوە، کە تەنیا شەڕی براکوژیی و ترس و سامی ئاساییش و گەندەڵیی دەستەڵاتداران و حسابنەکران و بێکاریی و پاشەڕۆژ ناڕوونیی بینیوە نەك داگیرکاریی و سەرکوتکاریی دەستی ڕژێمی بەعس. داستانەکانی هەندرێن و دابان دەکرێ وەك سەربەرزیی و شانازیی بچنە لاپەڕەکانی کتێبی مێژووی بەردەستی خوێندکارانەوە یان وەك یادگاریی بچنە ناوەڕاست و گۆشەی شوێنە گشتییەکانەوە، بەڵام ناکرێ ببن بە بیانوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەتاهەتاییی دەستەڵات و داهات و چارەنووسی ملیۆنان لە کوردستاندا. خەبات لە پێناوی ووڵاتدا ئەگەر بە پاداشتی پارە و پایەوە ببەسترێتەوە، چیدیی ناکرێ وەك مننەت و پیاوەتیی بە نەوەکانی داهاتوو بفرۆشرێتەوە.

ئەگەر بڕیارە کوردستان یەکبخرێتەوە، ڕێگەیەك لەبەردەمدا نییە لە دیموکراتیی زیاتر. دیموکراتییش دروشم و گوتار نییە، بەڵکو ڕەووشت و کردارە. مانای ئەوەش بۆ سیاسەتکار بریتییە لە دەستهەڵگرتن لە زەبروزەنگ وەك ڕێچارەی کێشە و گرفتان و قبووڵکردنی دۆڕان لە هەڵبژاردناندا و گێڕانی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەماندا. وەرگرتنی سەرۆکایەتیی لە هەولێر بەرانبەر سەرۆکایەتیی لە بەغدا لەسەر حسابی فیفتیفیفتییە کونەکە چارەسەری کێشە گەورە و قووڵەکانی کوردستان ناکات. پارتیی و یەکێتیی لەژێر گوشارێکی بەهێزی کاتدان و دەبێ بە پەلە خۆیان ساخ بکەنەوە: یان دەستەڵاتی تەواو و ووڵاتی دابەشکراو (هەروەکو ئەوەی ئێستا هەیە)، یان ووڵاتی تەواو و دەستەڵاتی دابەشکراو. ئەگەر پەلەش نەکەن، خۆیان و کوردستانیش دەکەن بە ژێر پێی ئەو "پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" ەوەی کە ئەمەریکای "هاوپەیمانیان" نەخشەی بۆ کێشاوە و کاك مەسعوودیش دەبێ لای سەیر نەبێت کە، سەرەڕای کۆی دەنگەکانی پەرلەمان و ڕێوڕەسمە بەشکۆکەی سوێندخواردنەکەش، هەر جارێ سەرۆکی هەرێمی پارتیی دەبێت نەك هەرێمی کوردستان.